

# لاکێش

مەمدووح شەوکەت ئەسەندالّ
لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە
(کەرکووک)

ئەفەندم، قوتووی جگەرە لە ناوەڕاستدا لەبیرکردنەوە نایەت، کابرای بێ ویژدان، هەرچی تووتنە باشەکە هەبوو کێشای و تۆزەکەی بۆ من هێشتەوە، گەلێکم لاکێش دیتوون، بەڵام تووشی کەسی وەها نەهاتووم. (ئیلهامی)ی خودالێخۆشبووی ئێمەش لاکێش بوو، بەڵام هەر هیچ نەبێ ناسکییەکی هەبوو. پیاوی دڵخۆش دەکرد، هەرکە بەرانبەرمان دادەنیشت، چاوەکانی بە قوتووە تووتنەکەدا دەگەڕا، نزیک دەبووەوە، قوتووم دەخستەوە بەرکم، قسەکانی لێ تێک دەچوو، هەر کە دەرم دەهێنایەوە و لەسەر مێزەکەم دادەنا، خۆشییەکی پێدا دەهاتەوە، بە سەعات... بە چاو بە دوای قوتوودا غاری دەدا، ئەوجا هەلێکی دەڕەخساند کە جگەرەیەکی دادەگیرساند، دڵخۆش دەبوو، پێدەکەنی و دەپەیڤی و گوێگرانیشی دڵخۆش دەکرد. زۆرترین کەیفیشی بەوە دەهات کە هەلی دەڕەخساند و جگەرەکەی بە دەستی خۆی دەپێچایەوە. ئێوە ئەگەر پاکەتتان بۆ درێژ بکردبا وەری دەگرت، بەڵام هەستی بە چێژی حەرامی ئەو جگەرەیەی نەدەکرد کە بە دەستی خۆی دەیپێچایەوە، یان وەری دەگرت. گیانم بە قوربانی ئەم لاکێشە بێ، براکەم! ئەم کابرایە وەها نەبوو کە... ئیدی دوێنێ خۆم پێ نەگیرا، گوتم:

بەڵام مەحموود ئەفەندی، ئەمەندەش نابێ. دەکێشی، هەرچییەک بێ، بکێشە، بەڵام هیچ نەبێ تۆزەکەشی تێکەڵ کە!. ئەو فێر بووە، گوێی ناداتێ. بەلاچاوێکەوە سەیرێکی منی کرد، گوتی:

چونکە تاکە جگەرەیەکم پێچایەوە وا دەڵێی؟

گوتـم:کام تاکـە جگـەرە بـرا، بنـۆڕە ئەوەنـدەی بـە دوو پەنجـە بگیـرێ تووتنـی تێـدا نەمـاوە. تەنیـا تۆزەکەیـم بـۆ دەمێنێتـەوە.

بێ ئەوەی بایەخی بداتێ گوتی:

تووتنەکـەی تـۆش شـتێکی وانییـە بکێشـرێ! ئەمـە چۆن دەکێشی؟ قاچاخ بکێشی لەمـە چاتـرە!

تووڕە بووم، گوتم:

ئـێ بـرا، سـەیری بـاش و خـراپ ناکەیـن، تـۆ لەمن زیاتـر دەکێشـی. بـاش نەبـێ بۆ دەیکێشـی؟

گوتی:چـی بکـەم، لەمـە باشـتر هەبـێ، ئەوەیـان دەکێشم.

گوتم:بۆچـی نییـە، دووکانەکانـی تووتنفرۆشـان پـڕن!

بە زەقی لە دەموچاومی ڕوانی.

گوتی:مـن پـارە بـەم زەققوومـە نـادەم، شـتێکی پیـس... قێـزەون، سـەربار بچـم پارەشـی پـێ بـدەم! کارم نییـە و...

گوتـم:زۆر چـاک دەفەرمـووی، بـەڵام ئێمـە پـارە دەدەیـن!

گوتی:ئـێ منیـش ئـەوە دەڵێـم، پـارە هـەر دەدەی دەدەی، بیدە بە باشـەکە کـە وەهـای لـێ هـات ئەمـە بکێشـی، هـەر هیـچ نەکێشـی باشـترە!

گوتـم: تـۆ دوای چـل سـاڵی تەمـەن خـوو و ڕەوشـتی منـت پـێ دەگـۆڕێ؟

بـێ ئـەوەی گـوێ بداتـێ، شـانی هەڵتەکانـد، گوتـی:

مـن چ کارم پێیـە، مـن تێکەڵـی هەوەسـی کـەس نابـم. تـۆ تێکەڵـی مـن دەبیت و منیش دەڵێم.

گوتـم، گیانـە، خـووە ناپەسـندەکەی تـۆ زیانـی بۆ مـن نەبـێ چـل سـاڵ بمێنـم هیچ ناڵێـم، زیانـم پـێ دەگەیەنـی.

پرسی و گوتی:

مـن چ زیانێکـم بەتـۆ دەگا؟ هەموو ئەم قسـانە بۆ جگەرەیـەک دەڵێـی؟ زیانـت پـێ گەییـوە و جیهـان نغـرۆ بـووە.. مـن نەمکێشـابا، تـۆ بتکێشـابایە، قازانجـی پتـرت دەکـرد؟ لای کەسـی دیکـە مەیڵـێ شـەرمت دەگاتـێ.

تووڕە بووم: پرسیم:

بۆچی شەرمم دەگاتێ؟

گوتی:

دەبـێ لەبەرچـی بـێ، بـۆ ئەوەنـدەی جگەرەیـەک تووتـن ئـەم هەمـوو لاقرتێیـە دەکـەی.

گوتم:

گیانی برای کام جگەرە، کام پێنج جگەرە؟...

گوتی:

دەی بـا دە جگـەرە بـێ. بیسـت جگـەرە، سـی جگـەرە بـێ... ئیـدی قسـەی دیکـەت نییـە؟ نەخێر لایـە باشـەکەی تووتنەکـەم کێشـاوە، تۆزەکەیـت بـۆ ماوەتـەوە.. گوتنـی ئەمانـە شـەرمە. کـە تۆزەکـەی دەمێنـێ پاکەتێـک بکـڕە، تووتنـی بـاش بکێشـە. هەمـوو ئەمانـە شەسـت پـارە دەکا!

گوتم:

چیـی تێدایـە ئەگـەر لـە جیاتـی مـن تـۆ بیکـڕی؟ کڕینەکـە لەسـەر ئێمەیـە و کێشـانەکەی لەسـەر تـۆ؟

گوتی:

گوتمـان سـا مـن نەمکردووەتـە خـوو! پـارە بـە ژەهـری وا نـادەم. تـۆ لێـت بـووە بەخـوو. ئەگـەر مـن بکێشـم هـەر دەیکـڕی و نەشیکێشـم هـەر دەیکـڕی. خـۆ تووتـن بـۆ مـن ناکـڕی، ئەگـەر بـۆ منـی دەکـڕی مەیکـڕە، هەروەهـا لـە ناوەڕاسـتی قاوەخانـەدا ئـەم هەمـوو قسـەیە بـە پیـاو بڵێـی شـەرم نییـە؟ ئەمـە لـە تـۆ دەوەشـێتەوە؟

خەریک بوو شێت بم، گوتم:

تـۆ شەسـت پـارە نـادەی پاکەتێـک تووتـن بکـڕی، گـوزەران بەسـەر قوتـووی هەمـوو کەسێک

دەکەی، ئەمە شەرم نییە. کە من گوتم تووتنی جگەرەکەت بە تێکەڵی بکێشە. با لە باشەکەی بۆ منیش بمێنێ شەرمە، وانییە؟

گوتی، بۆچی بۆ من دەبێتە شەرم؟ خۆ دزیم نەکردووە، بە زۆریش لێتی ناسێنم. ئەوەندە گێل نیم تا تووتنە باشەکە مابێ تۆزە وردەکەی بکێشم ...

گوتم:

ئێمە کە وردەی تووتنەکە دەکێشین گێل دەبین؟

ڕاستییەکەی زۆریش تووڕە بووم، پەنجە بە جگەرە زەردهەڵگەڕاوەکانی ئەویش دەستیان بە لەرزین کرد، بەڵام قسەی خۆی نەبڕی، گوتی:

تۆ لە کەیەوە قسەم پێ دەڵێی، من دەنگم لێوە هات؟ ئەگەر بڵێم تا باسی تووتن مابێ کێشانی وردەی تووتنەکەش گێلییە، بۆچی تووڕە دەبی؟

سەیرێکی کەسانی ناو چاخانەکەی دەکرد و گوتی:

درۆ دەکەم، ئەفەندینە. بەوەی کە یەک جگەرەت دا بە من ئەمەندە قسە دەگوترێ، ئەم شتە لەکوێ بینراوە، هین؟

ئەسعەد بەگی میرالای کە لەسەر تەختی بەرانبەر دانیشتبوو، ئاماژەی بۆ کردم خۆم گورج کرد و گوتم:تۆ، برا جارێکی دی مەیەرە لای من. قسەشم لەگەڵدا مەکە. ڕۆژێک بە تووڕەیی شتێک دەکێشم بەسەرتدا دەبییە بەڵای سەرم، تێگەیشتی؟

کاتێک کار گەیشتە ئێرە ئەسعەد بەگ پاکەتەکەی لە گیرفان دەرهێنا:

گوتی: مەحموود ئەفەندی، تۆ وەرە ئێرە، بزانە من تووتنێکت بدەمێ بزانە چۆن پەسندی دەکەی؟

کە پاکەتەکەی بینی هەڵسا، چووە بەرانبەر، بە منیشی گوت:

من کەڵەگاییم نییە، بەدکارییەکیشم لەکەس نەکردووە. دیسانەوەش نایکەم، هەموو خەتایەکەم چییە: تاکە جگەرەیەکم پێچاوەتەوە! وەک بڵێی تۆفانێک بووبێ. لەلایەکەوە دەدوا، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی «هەبوو نەبوو» لە پاکەتەکەی ئەسعەد بەگدا هەمووی کێشا. ئیدی من وەڵامم نەدایەوە، تەنانەت مەحموود ئەفەندی لێم نیگەران بوو، وامەزانن کە منیش ڕزگارم بوو لەو. سەرلەبەیانیی دواتر منداڵ هەواڵیان دا ئەفەندییەک هاتووە، دەیەوێ بمبینێ. چوومە ژووری خوارەوە، ڕوانیم، مەحموود ئەفەندی کە منی بینی گوتی:برالە، دوێنێ دڵم ئێشاندن، دواتر پەشیمان بوومەوە. هاتم داوای لێبوردنت لێ بکەم.

لێم مەگرن ئیدی بارودۆخی مرۆڤانەیە... جارنا مرۆ نەرمیی پێوە دیار دەبێ.. ئێوە بوونایە چیتان دەکرد؟ پیاوێکی داواکاری لێبووردن، هەڵسێ و تا بێتە بەر دەرگەیماڵتان... من لە ڕووم نایێ.

گوتمان:فەرموون، قاوەشمان بۆ لێنان. پاکەتێکی تەواوی تووتنیشمان نایە بەردەمی. براکەم، دڵنیا بن، بەچاوترووکانێک بنی پاکەتەکە تەنیا تۆزی تووتنی تێدا مابووەوە، تەپڵەکی جگەرەکەش لێوان لێو پڕ بووبوو.

**سەرچاوە:**

https://www.gazetekadikoy.com.tr/edebiyat-hayatindan-hatirlamalar/memduh-sevket-esendal-otlakci